# بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى اله وصحبه ومن والاه اما بعد ؛ گەورەترین تاوان وە گەورەترین خراپەکاری وە گەورەترین ستەم لەسەر زەوی ئەنجام بدرێ هاوبەش دانانە بۆ خوای بەرز ، بەڵام لەگەڵ ئەوەی کە لەو تاوانە گەورەتر نیە خەڵکێکی زۆر ئەنجامی ئەدەن بەناوی پەرستنی خواو خۆشویستنی پیاو چاکان !!! پەرستنی پیاوچاکان و گۆڕەکانیان لێبووە بە دین و خوا پەرستی ! ئەگەر پێیان بڵێی نابێ لە پیاو چاکان بپاڕێنەوە چونکە ئەمە پەرستنە ئەبێ تەنها بۆ خوا بێ ، ئەوا پێت ئەڵێن تۆ لات داوە لەدینی باوو باپیران و ڕقت لە پیاو چاکانە !!! لەبەر ئەوەی کە ئەم تاوانە گەورەیە خەڵکێکی زۆر ئەنجامی ئەدەن وە لە زۆربەی شارو شارۆچکەو دێهاتەکان دیاردەی گۆڕپەرستی ئەبینرێ ، من بەپێویستی ئەزانم ئەگەر بە کورتیش بێ شتێک بنوسم لەسەر ئەم باسەو بەڵگەکانی بخەمە بەرچاو ، بێگومان پێویستە لەسەر هەموو نوسەرو مامۆستاو ڕۆشنبیران کە زۆر بایەخ بدەن بەم بابەتە وە زیاتر لەسەر مامۆستایانی ئایینیە کە بۆخەڵکی ڕوون بکەنەوە چونکە ئەوە گەورەترین واجبە لەسەرشانی هەموو موسڵمانێک .

## ٭ هاوبەش دانان بۆخوا چیە ؟

هاوبەش دانان بۆخوا ئەوەیە کە شتێک مافی خوایەو تەنها شایانی ئەوە تۆ بۆ غەیری خوا ئەنجامی بدەی بەدڵ یان بەزمان یان بەکردەوە ، جا بۆهەرکەسێک بێ لەغەیری خوا بۆ فریشتەکان یان پێغەمبەران عليهم الصلاة والسلام یان پیاوچاکان یان مانگ یان ڕۆژ یان ئەستێرەکان و هەر دروستکراوێک .

## ٭ مافی خوا چیە لەسەرمان ؟

مافی ئەوەیە لە سەرمان کە بەتەنها بیپەرستین وە هیچ هاوبەش و هاوەڵی بۆ دانەنێین لەهەموو جۆرەکانی پەرستن بە دڵ و زومان و کردەوە ، بۆ نمونە ؛ داواکردن و پاڕانەوە ، سەربڕینی ئاژەڵ ، نوێژ ، ڕۆژو ، وە هەموو ئەم پەرستن و عیبادەتانەی خوا فەرمانی پێ کردوین ئەبێ تەنها بۆ خوا ئەنجامی بدەین و هیچ دروستکراوێک نەکەین بە هاوبەشی خوا ، وە بۆ پەرستنیش خوای بەرز ئێمەی دروست کردوەو پێغەمبەرانی بۆ ئەوە ڕەوانە کردوە کە پێمان ڕابگەینن تەنها خوا بپەرستین و هیچ هاوبەشی بۆ بڕیار نەدەین خوای بەرز ئەفەرموێ : { وما خلقت الجن والانس الا ليعبدون } الذاريات ٥٦ وە ئەفەرموێ : { ولقد بعثنا في كل امة رسولا ان اعبدوا الله واجتنبوا الطاغوت } وە ( معاذ بن الجبل ) ڕەزای خوای لێبێ بۆمان ئەگێڕێتەوە لە پێغەمبەرەوە **صلى الله عليه واله وسلم** ئەفەرموێ : ( كنت رديف النبي **صلى الله عليه واله وسلم** على حمار فقال لي : يا معاذ اتدري ما حق الله على العباد ، وما حق العباد على الله ؟ قلت : الله ورسوله اعلم قال : حق الله على العباد ان يعبدوه ولا يشركوا به شيئا وحق العباد على الله ان لا يعذب من لا يشرك به شيئا ، قلت : يا رسول الله افلا ابشر الناس ؟ قال : لا تبشرهم فيتكلوا ) بوخاری وە موسلیم ڕیوایەتیان کردوە واتە : لە دوای پێغەمبەر **صلى الله عليه وعلى اله وسلم** بووم لە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

سەر گوێ درێژێ پێی وتم : ئەی (معاذ ) ئایا ئەزانی مافی خوا لەسەر بەندەکانی چیە وە مافی بەندەکان لە سەر خوا چیە ؟ ئەڵێ وتم : خواو پێغەمبەرەکەی ئەزانن ، فەرموی : مافی خوا لەسەر بەندەکان ئەوەیە بیپەرستن وە هیچ هاوبەشی بۆ دانەنێن، وە مافی بەندەکان لە سەر خوا ئەوەیە کەسێک سزا نەدا کە هیچ هاوبەشی بۆ دانانێ ، ئەڵێ وتم : ئەی پێغەمبەری خوا **صلی الله علیە وعلی الە وسلم** ئایا موژدە نەدەم بە خەڵک ؟ فەرموی : نا چونکە واز لە کردەوە دێنن وە پشت بەو فەرمودە دەبەستن . بوخاری و موسلیم ڕیوایەتیان کردوە وە لە ڕیوایەتێکا هاتوە : (فاخبر معاذ عند موتە تأثما ) واتە (**معاذ** ) ڕەزای خوای لێبێ لە سەر مردن ئەم فەرمودەی گێڕاوە لە ترسی تاوانی شاردنەوەی زانستی شەرعی .

## ❋ هاوبەش دانان بۆ خوا گەورەترین تاوانە

خوای بەرز ئەفەرموێ : { ان الله لا یغفر ان یشرك بە ویغفر ما دون ذلك لمن یشاء } النساء ٤٨ واتە : خوا لە کەسێک خۆش نابێ هاوبەشی بۆ دابنێ وە لەهەر تاوانێکی تر نەگا بە شیرک خۆش ئەبێ لە کەسێک کە ویستی لە سەربێ.

وە خوای بەرز ئەفەرموێ : { انە من یشرك بالله فقد حرم الله علیە الجنة وماواە النار} المائدة ٧٢ واتە : هەرکەسێک هاوبەش بۆ خوا دابنێ ئەوا خوا بەهەشتی لەسەر حەرام کردوە وە شوێنەکەی بۆی ئەگەڕێتەوە ئاگرە .

وە (عبدالله بن مسعود ) ڕەزای خوای لێبێ لە پێغەمبەرەوە **صلی الله علیە والە وسلم** بۆمان ئەگێڕێتەوە کە فەرمویەتی : (من مات وهو یدعو من دون الله ندا دخل النار) بوخاری ڕیوایەتی کردوە واتە : هەر کەسێک بمرێ وە بێجگە لە خوا لەکەسێک داوا بکاو بیپەرستێ و بیهێنێتە ڕیزی خوا ئەو کەسە ئەچێتە ناو ئاگرەوە

وەهەر لە (عبدالله بن مسعود ) ڕەزای خوای لێبێ کە ئەفەرموێ : ( قلت یا رسول الله أي الذنب أعظم قال  أن تجعل لله ندا وهو خلقك ) بوخاری ڕیوایەتی کردوە واتە : وتم ئەی پێغەمبەری خوا چ تاوانێک گەورەترین تاوانە ؟ فەرموی : هاوبەش بۆ خوا دابنێی کەسێک بێنیتە ڕیزی خوا وە خواش تۆی دروست کردوە .

وە چەندین فەرمودەی تر هاتون لە قورئان وە سوننەتی پێغەمبەری خوا **صلی الله علیە والە وسلم** بەڵام لە دەرفەتە ئەوەندەمان بۆ ئەکرێ بیانهێنینەوە .

## ❋ یەکێک لە دیار ترینی دیاردەکانی هاوبەش دانان بۆ خوا

دیارە هاوبەش دانان بۆ خوا زۆر جۆری هەن وە بەهەموو جۆرەکانی بڵاو بۆتەوە لەناو خەڵکا بەڵام من لێرە تەنها جۆرێکی باس ئەکەم کە لە دیارترین جۆرەکانی هاوبەش دانانە بۆ خوای بەرز وە زۆر بڵاویشە لە ناو خەڵکدا جۆرەکانی تری هەڵئەگرین بۆ بابەت و باسەکانی داهاتومان ئەم جۆرەی کە باسیشی ئەکەین دیاردەی هاوار کردن و داوا کردن لە پیاو چاکان و مردوان و پەرستنی گۆڕەکانیان بە داخەوە لە زۆربەی شارو شارۆچکەکان



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بڵاوەو کەم کەسیش هەیە هەست بە بەرپرسیاری بکا بۆ ئاگادار کردنەوەی خەڵک لەم تاوانە گەورەو ڕێگرتن لێی .
خوای بەرز ئەفەرموێ : { ولا تدع من دون الله ما لا ینفعك ولا یضرك فإن فعلت فإنك إذا من الظالمین } یونس ١٠٦ واتە : داوا مەکا لەغەیری خوا لە کەسێک کە نەسودت پێ ئەگەینێ نە زیان ئەگەر وا بکەی ئەچیتە ڕیزی ستەمکاران ( هاوبەش دانەران ) .
وە خوای بەرز ئەفەرموێ : { وأن المساجد لله فلا تدعوا مع الله أحدا } الجن ١٨ واتە : مزگەوتەکان و شوێنی کڕنوش بردن بۆ خوایە لەگەڵ خوا داوا لە کەسێکی تر مەکەن .
وە خوای بەرز ئەفەرموێ : { ومن أضل ممن یدعو من دون الله من لا یستجیب له إلی یوم القیامة وهم عن دعائهم غافلون * وإذا حشر الناس کانوا لهم أعداء وکانوا بعبادتهم کافرین } الاحقاف ٥-٦ واتە : کێ هەیە لەو کەسە گومڕاتر بێ کە داوا لەغەیری خوا لە کەسێک ئەکا کە تا ڕۆژی قیامەتیش ناتوانێ وەڵامی بداتەوە وە ئەوان ئاگایان لەوە نیە کەداوایان لێ ئەکەن ، وە کە خەڵک کۆ ئەکرێنەوە لەقیامەت ئەبن بە دوژمنی ئەوانەی داوایان لێ ئەکردن وە کوفر ئەکەن بەو پەرستنەی بۆ ئەوانیان کردبوو .
وە ئایەتی تر زۆرن لەسەر گەورەیی تاوانی داوا کردن لە غەیری خوا وە نەهی کردن لەوەی لەغەیری خوا داوا بکەین بەڵام ئەوانەی داوا لە پیاو چاکان ئەکەن و هاواریان لێ ئەکەن و ئەچنە سەرگۆڕەکانیان بە نیازی ئەوەی داوایان لێ بکەن چەند شوبهەیەکیان هەیە ئەبێ ڕونیان بکەینەوەو بیرەوێنینەوە ئەگەر بە کورتیش بێ وەک ئەڵێن : ئێمە ناڵێین ئەو پیاو چاکانەو ئەم گۆڕانە خوان و ئێمەیان دروست کردوە تەنها داوایان لێ ئەکەین کە لەخوا بۆمان بپاڕێنەوەو شەفاعەتمان بۆ بکەن لای خوا .
لە وەڵامی ئەم شوبهەیە ئەڵێین بەڵێ ئەمەیە پەرستن بۆ غەیری خوا کە تۆ وا بزانی پێویستە کەسێک هەبێ لەبەینی تۆو خوا خۆ کافرەکانی سەردەمی پێغەمبەریش **صلی الله علیه واله وسلم** هەر وایان ئەوت ئەیان وت ئێمە ئەو بتانەو پیاو چاکانە ناپەرستین تەنها ئەمانەوێ لەخوامان نزیک بکەنەوەو شەفاعەتمان بۆ بکا خوای بەرز دەربارەیان ئەفەرموێ : { والذین اتخذوا من دونه أولیاء ما نعبدهم إلا لیقربونا إلی الله زلفی } الزمر ٣
وە ئەفەرموێ : { ویعبدون من دون الله ما لا یضرهم ولا ینفعهم ویقولون هؤلاء شفعاؤنا عند الله } یونس ١٨.
وە پێغەمبەر **صلی الله علیه واله وسلم** ئەفەرموێ : ( إن الدعاء هو العبادة ) صححه الالباني واتە : داوا کردن و پاڕانەوە پەرستنە . کەوابێ چۆن داوا لە غەیری خوا ئەکەن!؟
یان ئەڵێن ئێمە بۆیە لەو پیاو چاکانە ئەپاڕێینەوە خۆمان دەنگمان ناگاتە خوای بەرز ئێمە تاوانبارین پێویستە کەسێک بکەین بە واسیتە بۆ لای خوا هەروەک چۆن کەسێک ناتوانێ بچێتە لای سەرکردەیەک ئەبێ واسیتە بکا ئینجا ئەیگاتێ !
لە وەڵامی ئەم شوبهەیەش ئەڵێین خوای گەورە فەرمانی بە ئێمە کردوە کەوا تەنها لەو



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بپاڕێینەوە داوا تەنها لەو بکەین وەک لە ئایەتەکانی سەرەوە بۆمان دەرکەوت وەخوای گەورە ئەفەرموێ : {وإذا سألك عبادي عني فإني قريب أجيب دعوة الداع إذا دعان } البقرة ١٨٦
واتە : ئەگەر بەندەکانی من لەمنیان پرسی لە تۆ ئەوا من نزیکم وەڵامی هەرکەسێک ئەدەمەوە کە داوام لێ بکات .
وە بەو کەسانەش ئەڵێین خوای گەورە زۆر بەرزو لەوە گەورەترە پێویستی بە واسیتە هەبێ چۆن نمونەی سەرکردەیەک بۆ خوا ئەهێننەوە خوای گەورە هەمو کەسێ ئەبینێ وە هەمو دەنگێ ئەبیستێ وە خاوەنی ئەرزو ئاسمانەو دەوڵەمەندو بێ نیازە لە دروسکراوەکانی {ليس كمثله شيء وهو السميع البصير} چۆن سەرکردەیەک کە لاوازو بێ دەسەلاتەو ناتوانێ لە بەردەمی خۆی زیاتر ببینێ وە ئەترسێ بچێتە ناو خەڵکەوە بە پاسەوانێکی زۆرەوە نەبێ چۆن نمونەی ئەو ئەهێننەوە بۆ خوا ئەم سەرکردە لەبەر بێ توانایی وە لەبەر نەتوانینی پێویستی بە وەزیرو یارمەتی دەرە بەلاّم خوای گەورە لە سەرهەموو شتێک بەتوانایە ئەم سەرکردە لەبەر ستەم فەقیرو هەژار دەنگیان بەو ناگا پێویستیان بە واسیتەیە بەلاّم خوای بەرز ستەم لەکەس ناکا پێی خۆشە بەندەکانی داوای لێبکەن بەوەش پاداشتیان ئەداتەوە بەڕاستی ئەوەی عەقلی لەسەر بێ غەیری خوا ناپەرستێ لەبەر ئەوەش خوای بەرز ئەفەرموێ : {ومن يرغب عن ملة إبراهيم إلا من سفه نفسه } البقرة ١٣٠
وە با ئەوەش بزانین کە پێغەمبەری خوا **صلى الله عليه وعلى اله وسلم** زۆر بەتوندی ئێمەی ئاگادار کردۆتەوە لە گۆڕ پەرستی وە لە شەخس پەرستی وە ڕێگای لێ گرتوین لە هەمو ئەو شتانەی سەر ئەکێشێ بۆ پەرستنی غەیری خوا لە پیاو چاکان یان هەر دروست کراوێک لە پێش وەفاتیا پێغەمبەر **صلى الله عليه وعلى اله وسلم** ئوممەتەکەی لە گۆڕپەرستی ئاگادار کردەوە فەرموی : (لعنة الله علی اليهود والنصاری اتخذوا قبور انبيائهم مساجد ) بوخاری لە گەڵ موسلیم ایوایەتیان کردوە واتە : نەفرەتی خوا لە جولەکەو دیانەکان گۆڕی پێغەمبەرانیان کرد بە مزگەوت .
ئەوە بەر نەفرەتی خوا کەوتن کە گۆڕی پێغەمبەرانیان کرد بە مزگەوت ئەی چی ئەڵێی بە کەسێک گۆڕی کەسانێک ئەکەن بەمزگەوت کە پلەو پایەیان قەت ناگاتە پێغەمبەران عليهم الصلاة والسلام وە ئەگەر پیاوی چاک بن بەوە چاکن شوێنی پێغەمبەران کەوتون عليهم الصلاة والسلام وە ئیمامی ئەحمەد ریوایەتی کردوە بە سەنەدێکی ڕاست لە ( عبدالله بن مسعود ) ڕەزای خوای لێبێ لە پێغەمبەرەوە **صلى الله عليه وعلى اله وسلم** کە فەرمویەتی : ( ان من شرار الناس من تدركهم الساعة وهم احياء ، والذين يتخذون القبور مساجد ) واتە : لە خرابترینی خەڵک ئەوانەن کە قیامەت ئەیانگاتێ ئەوانیش زیندون ، وە ئەوانەی گۆڕەکان ئەکەن بە مزگەوت .
وە فەرمودەی تر زۆرن بەلاّم سەیر ئەوەیە ئەم کەسانەی ئەم تاوانە گەورە ئەنجام ئەدەن وا ئەزانن ئەوە دینی ڕاستەو ئەگەر ئەم فەرمودانەی بۆ بێنیتەوە ئەڵێ تۆ ڕقت لە پیاو چاکانە ! ئێمە ڕقمان لە پیاو چاک نیە بەلاّم وەک خوای گەورە خۆشمان ناوێن و لەجیاتی خوا نایان



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

پەرستین ئەی باشە ئێوە ڕقتان لە فەرمودەکانی خوایە وە ڕقتان لە پێغەمبەری خوایە **صلى الله عليه وعلى اله وسلم** دەر ئەچن لە فەرمانی قورئان و سوننەت من لێرە کۆتایی بەم بابەتە دێنم بەڵام چاوەڕێ بن بە پشتیوانی خوا بۆ بابەتی زیاتر لە سەر ئەم باسانەو ڕون کردنەوەی زیاتر بۆ لادانی شوبهەی هاوبەش دانەران .

**باوکی حارث**



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com